

جۆرج ویلهلم فریدریش هێگڵ

# وتاردانی سەرەتایی
## گەیەندراو بە زانکۆی بەرلین
## (22 ئۆکتۆبر 1818)

وەرگێڕان: ئەستێڵ ئینسایت

بیرکردنەوەی فەلسەفی

ئەستێڵ ئینسایت
ASTELL INSIGHT

# وتاردانی سەرەتایی، گەیەندراو بە زانکۆی بەرلین

# (22 ئۆکتۆبر 1818)[1]

## جۆرج ویلهلم فریدریش هێگڵ

وەرگێڕان: ئەستێڵ ئینسایت

بیرکردنەوەی فەلسەفی

ئەستێڵ ئینسایت
ASTELL INSIGHT

# بەڕێزان،

لەو ڕووەوە کە ئەمڕۆ یەکەم دەرکەوتنی من لە **پێگەی فەرمی مامۆستای فەلسەفە** لەم زانکۆیەیە کە بە بڕیاری لە ڕووی گەورەیی پادشایەوە[2] بۆ ئەم ئەرکە دیاری کراوم؛ ئیزنم بدەن وەکوو وتنی پێشەکی ئاماژە بەوە بکەم کە بەدەستگرتنی پێگەیەکی بەرینتر بۆ **کارتێکەریی ئاکادێمیک** بە شێوەیەکی تایبەت پەسەند و هەروەها مایەی خۆشحاڵی دەبینم چونکە لە **چرکەساتێکی تایبەت** و لە نێو **شوێنگەیەکی تایبەتدا** ڕوو دەدات.[3]

تا ئەو ئاستەی کە بە **چرکەساتە تایبەتەکە** گرێدراوە، دۆخ وەها زەروورەتێکی بەرجەستە کردووە کە **فەلسەفە** ڕەنگە بۆ جارێکی دیکە چاوەڕێی ئەوە بێت **سەرنج** و **عەشق** وەربگرێت. وە لە نێو وەها زانستێکدا کە ماوەیەکی زۆر لە نێو بێدەنگی[4] تێکەوتبوو؛ ڕەنگە بۆ جارێکی دیکە دەنگی خۆی هەڵ بێنێت. بۆ ماوەیەکی نەک زۆر درێژ؛ **زەروورەتی**[پێویستییەتیی] **کات** لە لایەکەوە وەها گرنگییەکی زۆری بە بەرژەوەندییە **بچووکەکانی** ژیانی ڕۆژانە داوە؛ و لە لایەکی دیکەیشەوە بەرژەوەندییە **ئاستبەرزەکانی** واقعیەت، بەرژوەندی و **ناکۆکیگەلێک** کە بە ڕوونی لە نێو ڕەوتی چاککردنەوە و ڕزگارکردنی **گشتێتی سیاسی ژیانی نەتەوەیی و دەوڵەت** تێگیر بووە؛ ئەمە خواستێکی گەورەی لەسەر فاکەڵتە زەینییەکانی ئێمە و هەوروەها هێزێکی بەرچاوی بەسەر هەموو کلاسە [کۆمەڵایەتییەکانمان] دروست کردووە - هەر بەو شێوەیش بەسەر سەرچاوە دەرەوەییەکان. بۆیە **ژیانی ناوخۆیی ڕۆح** نەتوانێت بە **ئاشتی** و حەسانەوە بگات. **ڕۆحی جیهانی** وەها لەگەڵ واقعیەت بەستراببوویەوە و زۆرەملانە **بەرەو دەرەوەی خۆی وەرچەرخا** کە ڕێگری لێکرا تاکوو بەرەو ناوخۆی خۆی بێتەوە و لە ماڵی شایانی خۆی چێژ بەرێت.[5] ئێستا کە ئەم **ڕەوتەی** واقعیەت بەسەرداچوونەوەی لێ کرا و **نەتەوەی ئاڵمان** لە مەزنیدا **نەتەوایەتیی** خۆی،

**بنچینەی هەموو زیندوویەتی و ژیانی** ڕزگار کرد؛ **سەرەڕای** ئیمپراتۆریای جیهانی **واقعی**، ڕەنگە ئەو کاتە هاتبێت **پانتایی ئازادیی ئەندێشە** لە نێو **دەوڵەتدا** بە شێوەیەکی سەربەخۆ پەرە بسێنێت. لە سەر هەموو ڕووداوەکاندا، **هێزی ڕۆح** وەها تا ڕادەیەک لە زەمەنی ئێستادا ئیدعا دەکات کە تەنیا **ئـــایدیاکان**، تەنیا ئـــایدیاکان و ئەوەیکە لەگەڵ **ئـــایدیاکان** کۆک دەبێت؛ دەتـــوانێت زیندوو بمێنێت. بۆیە هیچ شتێک ناناسرێتەوە بە بێ ئەوەیکە لە پێش **تێڕوانین** و **بیرکردنەوە تەسدیق** کرابێت.[6] ئەوە **دەوڵەتە** لە تایبەتێتیدا،[7] ئەو دەوڵەتەی من دەباتە نێوەڕاستی خۆی، کە بە بۆنەی «فەزیلەتی **بـــاڵادەســـتیی** ڕۆحـــانی خۆی»، خۆی لە نێو **گـــرنـــگایەتی** [ئێستای]، لە نێو **واقعیەت** و پانتایی **سیاسی** بەرجەستە کردووە؛ هەروەها لە نێو **هێز** و **سەربەخۆیی**، خۆی یەکسان کردووە لەو **دەوڵەتـانەی** کە وا ڕەنـگە لە **سەرچـاوە دەرەوەییەکانەوە** لێی پێش بکەون. لێرەدا چـانـدن و پشکووانـدنی **زانسـتەکان** لە گەوهەریترین **چـرکەسـاتەکان** - تەنـانەت **ژیانی سیاسی** بە هەژمـار دێت. لەم زانکۆیەدا - وەکوو زانکۆی ناوەندی - ناوەندی (هەموو کەلتوورە ڕۆحانییەکان و هەموو زانست و حەقیقەت) واتە **فەلسەفە**، دەبێ پێگەی خۆی بدۆزێتەوە و هەروەها دڵلەدووابیانە و بەرپرسیارانە مامەڵەی لەگەڵ بکرێت.

هەرچەن تەنیا ئەوە ژیانی ڕۆحـانی نییە کە **چـرکەسـاتێکی بنچینەیی** لە نێو بـوونی **ئەم دەوڵەتە** پێک دەهێنێت؛ بەڵکوو تـــایبەتیـتر، ئەو خەبـــاتە مەزنەی خەڵک، هـــاوکات لەگەڵ فەرمـــان گێڕەکەیان، بۆ سەربەخۆیی، بۆ ئازادی بۆ تێکشکاندنی زۆرەملیی «بێڕۆحی دەرەوەیی» سەرچاوەی ئـــاســـتبەرزی خۆی لە نێو **ڕۆحـــدا** جێگیر کردووە؛[8] ئەمە **هێزی ئەخـــلاقی ڕۆحە** کە **پەی بە وزەی خۆی بـــردووە**؛ **ئـــاڵای** خۆی بەرز کردووەتەوە و ئەم پەیبردنە وەکوو زۆر و **هێز** لە نێو [پـــانـــتایی] **واقعیەت** دەردەبڕدرێت. ئێمە دەبێ ئەمە جێی ســـتایشت لە بەرچـــاو بـــگرین کە بەرەی ئێمە **ژیاویەتی**، **ڕۆڵی** بۆ گێڕاوە و **کاری** لە نێو ئەم **پەیبردنە**(هەســـتپێکردن) کردووە؛ هەســـتێک کە لەنێویدا **هەمووشتێک یاسایی**، **ئەخلاقی** و **ئایینی** چڕ بووەتەوە. لە نێو وەها **چالاکییەکی** قووڵ

و فـــرەلایەنـــدا، ڕۆح لە نێو خۆیەوە بەرەو مەزنیی خۆی بەرز دەردەکەوێت؛ ڕەمەکیبوونی ژیان و بێمانـــاییی بەرژەوەنـــدییەکان تێکهەڵدەوەشێت و بێـناوەڕۆکیی **بۆچـــوون** و **بیـروڕاکانی** ئەم بەرژەوەندییانە لە داپۆشراوی دەکەون و ڕادەوەستن. ئێستا ئەم **بەڕشتییە قووڵترە** کە بە شێوەی گشـتی دزەی کردووەتە نێو ڕۆح **هـاوکات بـناغەی حەقیقی فەلـسەفەیشە**. ئەوەی لە بەرانـبەر فەلسەفە دەوەسـتێت لە ڕوویەکەوە **نـوقمبوونی** ڕۆح لە بەرژوەنـدیی پێویست و ژیانی ڕۆژانەیە، بەڵام لە لایەکی دیکەیشەوە **بێهوودەیی بیروڕاکانیشە**؛ گەر ڕۆح لە دووەمیانـــدا پڕ بێتەوە هیچ هەلێک بۆ عەقڵ نـامێنێتەوە و هەر بەو شێوەیش شـوێنکەوتـووی ڕاکێشان و بەرژەوەنـدییەکانی خۆی نـابێت. ئەم بێهوودەییە(بەرزەدەمـاخی) دەبێت لە نێو بەتـاڵیی خۆی بە هەڵم ببێت؛ کاتێک پێویستییەک هەیە کە خەڵک بۆ **نـــاوەڕۆکێکی جەوهەری** کار بکەن و کاتێک ئەم قۆنـــاخـــانە تێپەڕێنێت ئەوە تەنیا یەک جۆر لە ناوەڕۆک هەیە کە دەتوانێت لای هەمووان بناسرێتەوە. بەڵام ئێمە ئەم سەردەمەشـمان لە نێو نـاوەڕۆکێکی جەوهەری بینیوە و هەروەهـا بینیومـانە **نـاوەکە** سەرەکییەکە جارێکی دیکە لەگەل گەشەی زۆرتـری لە هەمـوو ڕەهەنـدەکانیدا(سیاسی، ئەخـلاقی، ئایینی و زانستی) بە زەمەنەکەی ئێمە ڕاسپێردراوە.[9]

ئەرکدارێتی و هەروەهـــا پیشەی ئێمە **ڕاهێنانی گەشەکردنی فەلـــسەفەیە** وەکوو بنچینەیەکی جەوهەری، کە لە ئێـستادا **بـــووژاوەتەوە** و **یەکلایی** کراوەتەوە. یەکەمین کاریگەری و دەربڕینی بـــووژانەوەکەی لە نێو واقعیەتی سیاسی هەســـت پێ کرا، ڕوواڵەتی بەرچـــاوتـــری خۆی لە نێو بەڕشتیی **ئەخلاقی** و **ئایینی** دروست کرد کە [ئێستا] بە گشتی داوای **تۆکمەیی** و **وردبینی** دەکات؛ وا لە نێو هەمـوو ڕێگاکانی ژیانی [خەڵک] قـووڵ بـووەتەوە؛ تۆکمەتـرین [جۆری] **بەڕشـتیی** زاتەن خودی **بەڕشتیی حەقیقەتە**. ئەم پێویستییە کە لە لایەنیەوە سروشتی **ڕۆحانی** لە سروشتێک وا تەنیا **هەسـت** دەکات و **چێژ** دەبـات جیا دەکاتەوە هۆکاری بـنەمـایی پێویستی قـووڵی ڕۆحە؛[10] ئەمە زاتەن **پێویستییەکی جیهانییە** و **بە شێوەیەکی تەواوەن قـــووڵ** بە دەســـتی بەڕشـــتیی

زەمەنی ئێمەوە دەورووژێت و لە لایەکی دیکەیشەوە، خەسڵەتی خـاوەنـدارانەی **ڕۆحی** ئەڵمانییە. **جیاوازیی ئەڵمانییەکان لە کەلـتووری فەلـسەفیدا**، لە نێو تـوێژینەوە فەلـسەفییەکانـدا لەگەڵ **نەتەوەکانی دیکە** و واتـایەک وا ئەوان لە دەسـتەوشەی "فەلـسەفە" مەبەسـتیانە پێشان دەدات؛ لە کاتێکدا ئەوان ناوەکەیان ڕاگرتووە بەڵام **ماناکەی گۆڕاوە** و خودی شتەکە [مەبەستەکە] وەها **سووک** و بەبا دراوە کە بە سەختی **بیرەوەرییەک** یان **سووکە ئاماژەیەک** لێی بە جێ ماوە. ئەم زانسـتە **لەلای ئەڵمانییەکان** پەنـای وەرگـرتـووە و **تەنیا** لە **نێوان ئەوانـدا** زیندوو ڕاگیراوە؛ ئێمە **سەرپەرشـتیی** ئەم **ڕووناکییە پیرۆزەمان** وەرگرتووە و ئەرکدارێتیی ئێمە ئەوەیە چاودێری بین و ڕای بهێنین؛ و هەروەها دڵنیابوون لەوەیکە **ئاستبەرزترین شت** کە مرۆڤ دەتوانێ هەیبێت، یانی خۆ-ئـاگـایی لە بـوونی پێویستی خۆی، نـادیار نـابێت و لە دەسـت نـاچێت.[11] بەڵام تەنـانەت لە ئەڵمان، پێش لەدایک بـوونی دووبـارەی وڵات، بێهوودەیی زەمەنە سەرەتـاییەکەی (فەلـسەفە) تـا ئەو شـوێنە پێش چـووبوو کە بـاوەڕ و ئیدعـا هەبێت سەبـارەت بەوەیکە کەشـف و سەلـمانـدنێک کراوە کە هیچ ناسینێک لە حەقیقەت بوونی نییە؛ ئەوەیکە خوا و بوونیی پێویستی جیهان و ڕۆح ناتێگەیشتنی و نادیارە. ڕۆح [وەها ئیدعا کرابوو] کە دەبێت بە **ئایینەوە** بچەسپێت و بەبێ زانینی عەقڵانی، ئایین بە **ئیمان**، **هەست** و **شهوود** بنووسێت.[12] ناسین [وەها وترابوو] هیچ پەیوەند و کارێکی بە سـروشـتی مـوتڵەقەوە نییە [واتە خـوا و ئەو شـتەیکە لە نێو «سـروشـت و ڕۆح»، **حەقیـقەت** و **مـوتڵەقە**]، بەڵام هـاوکـات لەگەڵ [ئـاکـامێکی] **نەرێیی**[negative] کە **هیـچ حەقیقەتێک نا‌ناسرێتەوە** و ئەوەیکە تەنیا [ئەو شتەی] **ناحەقیقەتە**، **کاتییە** و **کورتماوەیە** لەم **ئیمتیازە** (نـاسینەوە) بەهـرەمەنـدە؛ هـاوکات لە لایەکی دیکەیشەوە، لەگەڵ ئـامـانجەکەی خۆی، **شـتە دەرەوەییەکان** (واتە شـتی **مێژوویی** وەکوو بـارودۆخی **کتوپڕ** کە لە نێو نـاسینی ئیدعـا و سەپێنراوە، ڕووالەتەکانی درووسـت دەبێت)؛ وە **ئەم نـاسینە** دەبێت [تەنیا] وەکوو **مێژوویی** نـاو بـنرێت و لە نێو ڕەهەنـدە دەرەوەییەکانی [ئـامـاژەپێکراو لە سەرەوە] بە شێوەیەکی **ڕەخـنەیی** و

**زانیارانە** پشکنینی بۆ بکرێت، لە حـاڵێکیشدا نـاوەڕۆکەکەی **نـاتـوانێت بە جـدی وەربگیردرێت.**[13] ئەوان [فیلسووفـانی بـاسکراو] زۆرتـر لە **پیلات**(جێگری کۆنـسولی ڕۆم) نین؛ چـونکە کاتێک ئەو وشەی **حەقیقەتی** لە زاری مەسیح بیست، بە شێوەی کەسێک وا خاوەن زۆریەک لەم وشانە بوو بەڵام دەیزانی هیچ نـاسینێک لەمەڕ حەقیقەت نییە  بەم پـرسیار وڵامی دایەوە "**حەقیقەت چییە**". کەواتە ئەو شـتەیکە لە سەردەمە زۆر کۆنەکانەوە بە تەواوەتی وەکوو شـتێکی **پەسـت** و **بێبـایەخ** لێیکۆڵیـبوویـانەوە واتە **نکۆڵیکـردن لە تیـژایی حەقیـقەت**، لە بەردەم زەمەنی ئێـمەدا وەکوو **سەرکەوتـوویی بـاڵادەسـتانە ڕۆح** شکۆی پێ بەخشـرا. پێش گەیشتن بەم خـاڵە ئەم بێهیواییە **لە نێو عەقڵ** بە **ئێش** و **مێلانکۆنی** لکابوو؛ بەڵام **گەمـژەیی ئـایینی** و **ئەخلاقی** لەگەڵ ئەو ڕوانینە لێڵ و بێهـوودە سەبارەت بە **زانین** کە خۆی وەکوو **ڕۆشـنگەری** شەرح دەکرد، زۆر زوو بێپەردە و **بەڕاشکاوی** دانی بە **لەکارکەوتوویی** خۆی نا؛ لە کۆتاییشدا بەناو **فەلسەفەی ڕەخنەیی** بە ڕاگەیاندنی ئەوەیکە ئەم[واتە فەلسەفەی ڕەخنەیی] سەلماندوویەتی کە هیچ شتێکی ئەبەدی و ئیلاهی یان حەقیقەت ناناسرێت،  **نەزانیی** ئەبەدی و ئیلاهی لەگەڵ **ویژدانێکی چاکەی** پێکەوە گـرێ دا. ئەم نـاسینە فەڕزکراوە تەنـانەت نـاوی فەلـسەفەشی داگیرکرد، و هیچ شـتێک ئەوەنـدە کەڵکی لێ وەرنەگیرا و هیچ شـتێک پەسـند و خۆشـتر لە دکتۆرینی [بیرۆکەی] بێهـوودەیی و پـووچی بۆ زانینی بێهوودە و [ئەو] کەسـایەتییە بێهوودانە بـوونی نەبـوو؛ [ئەمە] خۆی لە ئـاسـت نەزانییەکی زۆر شەرح کردبـوو، وەکوو بـاڵا، وەکوو ئـامـانـج و ئـاکامی هەمـوو هەوڵە **فکرییەکان.** نەزانیی حەقیقەت، تەنیا زانینی ڕوواڵەتەکان، کورتماوەکان، کتوپڕەکانە و **لووتبەرزییەکی** تەنیای هێشتەوە - ئەم **لووتبەرزییە** خۆی هەتا نێو فەلسەفە پەرە پێداوە و ئەمە تا ئێستا بەردەوامە و هێشتا ئەمڕۆش بـناغەکەی ڕاگـرتـووە.[14] لە ڕاسـتیدا دەکرێ بـوتـرێت لەو کاتەوە وا فەلـسەفە بۆ یەکەمـجار لە ئەڵمان دەرکەوت بـاردودۆخی ئەم زانسـتە وەهـا وەکوو ئێستا کە هەیە خـراپ نەبینراوە، ڕوانینێکی وەهـا کە نکۆڵی لە نـاسینی عەقڵانی دەکات بەم ئـاسـتە لە پێوابـوون و

کارتێکەریی نەگەییوە. ئەم ڕوانینە لە قۆناخگەلی پێش ئێمە [هەتاکوو ئێستا] **درێژ** بووەتەوە و لە **دژیەکییەکی** تەواو ساردوسڕ لە بەرانبەر هەستی **بەبایەخ** و ڕۆحی جەوهەریی نوێی [ئەمڕۆ] ڕاوەستاوە. من دەیخوازم و **سڵاو** دەکەم لە **بەرەبەیانی ئەم ڕۆحە بەبایەخترە**، من دەڵێم ئەم فەلسەفەیە دەبێ ناوەڕۆکێکی هەبێت، من خودی خۆم بە تەنیایی **ڕادەگوێزمەوە نێوی، کاتێک** کە **ئەم** ناوەڕۆکەتان بە بەردەوامی بۆ شی دەکەمەوە. بەڵام **لە ئەنجامی ئەم کارەدا**، من لە **ڕۆحی** گەنجەکان(بە گشتی) داوا دەکەم، چونکە گەنجی ئەو زەمەنە زۆر باشەی ژیانە کە هێشتا لە نێو **سیستمی ئامانجە پێویستە سنووردارکراوەکان** گرفتار نەبووە و زاتەن توانستی **ئازادی چالاکیی بێ لایەنانەی زانستی** هەیە؛ و هێشتاش **ڕۆحی نەرێیی لووتبەرزی [بێهوودەیی]** و **کاری گیانکێشی تەنیا ڕەخنەگەرانە** کاریگەریی لەسەر دانەناوە. دڵێک وا هێشتا لە نێو تەندروستییەکی باشدایە، هێشتا **بوێریی** داواکردنی حەقیقەتی هەیە و لە پانتایی حەقیقەتدایە کە فەلسەفە لە ماڵەوەیە، وا [خۆی] لێکیدەسازێنێت و ئێمە بە خوێندنەوەی پێکەوە **هاوبەشی دەکەین**. هەر شتێک وا لە ژیاندا حەقیقی، مەزن و ئیلاهییە بە بۆنەی **ئایدیاوەیە**؛ شوێن-مەبەستی فەلسەفە دەستپێڕاگەیشتن بە ئایدیایە لە قەوارەی حەقیقی و جیهانیبوونی خۆیدا. سروشت قەتیسکراوە ئەویش بۆ بەجێهێنانی عەقڵ تەنیا لەبەر پێویستی؛ بەڵام پانتایی ڕۆح **پانتایی ئازادییە**. تەنیا شتێک وا ژیانی مرۆڤی پێکەوە ڕاگرتووە، هەموو ئەو شتانەی بەها و دروستێتییان هەیە، **ڕۆحانییەتی نێو سروشتە**؛ ئەم پانتاییەی ڕۆح بە تەنیا لە ڕێگەی **ئاگایی** لە حەقیقەت و حەق، لە ڕێگەی تێگەیشتن لە ئایدیاکان بوونی هەیە.[15]

دەمهەوێ هیوا و ئۆمێدی خۆم دەربڕم کە بتوانم بەهرە و لێهاتوویی ئێوە کە لە نێو ئەم ڕێگادا وا قەرارە بیپێوین؛ بەڕێوە بەرم. بەڵام پێش هەموو شتێک ئەوەیکە دەبێ بوێرانە لە ئێوەی بخوازم ئەمەیە: ئێوە متمانەیەک لە نێو **زانست**، **ئیمانێک** لە نێو **عەقڵ** و **متمانە و ئیمانێک لە نێوخۆتان** لەگەڵ خۆتان دەهێنن. **بوێریی حەقیقەت** و **ئیمان** بە **هێزی ڕۆح** مەرجی سەرەتایی

**مـوتـالای فەلـسەفییە**؛[16] مـرۆڤ دەبێ  ڕێز لە خۆی بـگرێت و خۆی **شـایستەی ئـاسـتبەرزتـرین [شـتەکان] بـزانێت**. ئەو(مـرۆڤ) نـاتـوانێت مەزنیی و هێزی ڕۆح لەڕادەبـدەر هەڵسەنگێنێت؛ زاتی داخراوی گەردوون **لەخۆگرتووی هیچ هێزێک نییە** کە بتوانێت لە بەرانبەر بوێریی «ناسین» خۆی ڕابـگرێت؛ دەبێ لە بەرانـبەر خۆی بیکاتەوە و دیمەن و ڕەزامەنـدیی پڕمـایەیی و قـووڵاییەکەی بۆ خۆی دابین بکات.

---

سەرچاوە:

Hegel, Georg Wilhelm Friedrich (1964). Political writings. New York: Garland. Edited by T. M. Knox & Z. A. Pelczynski.

# پەراوێزەکان:

*** پەراوێزی وەرگێڕی ئینگلیسی: بەکاربردنی چەندپاتەی ئیتالیک لەسەر ئەساسی خودی دەسنووسەکانی هێگڵە و بێ شک بۆ بەرچاوترکردنی ئەو وشە و ڕستەیانەیە وا خۆی ویستوویەتی لە وتارەکەدا لەسەری پێداگر بێت. لە وەرگێڕانی وتارەکەدا من ووەکوو هەمیشە شوێنکەوتووی Werke – (vol. xxi, pp. 399-404) بووم بەڵام لە نیشانەدانانەکانی هێگڵدا من زۆرتر لە ڕێگەی GW بە شێوەیەکی تەواو ڕێنمایی کراوم.**

1 هەر ئەو جۆرەی کە بۆ ئەندامانی نوێی فاکەڵتی نەریتی و دەستووری بوو، هێگڵ دووای گەیشتن بە بەرلین لە ساڵی 1818، وتاردانی سەرەتاییی خۆی پێشکەش کرد. بە پێی زۆربەی گێڕانەوەکان؛ ئەم وتارە لە سەر ئاستێکی وردی مێژوویی و بە هەوڵێکی فەلسەفی، گرێدانی بەها مێژوویی و جیهانییەکانی کەلتوری ئاڵمان لەگەڵ دەوڵەتی پروس پێشان ئەدات.
(بڕوانە Meinecke 1970: pp. 23-33, 148-59, and 233ff; cf. Haym 1857: pp. 357-9)

2 لەسەر گرژییەکانی پەیوەندیدار بە دیاریکردنی هێگڵ بۆ ئەم پێگە؛ بڕوانە W. Jaeschke and K. Meist (1981: pp. 29-39).

3 لە درێژەی ساڵانێکی زۆردا هێگڵ بەردەوام بەشوێن بەردەنگی بەرفراوانتر بۆ فەلسەفەکەی دەگەڕا. پێش گەڕانەوە بۆ وانەوتنەوە لە هایدلبێرگ لە ساڵی 1816 هێگڵ لە نامەیەکدا بۆ هاوڕێیەکی ئاماژەی بەم بابەتە کردووە (Hegel 1984b: p.462). لە 1816، لە HIA، ئەو بە شێوەیەکی ئاشکرا بەرپرسیارەتیی خۆی بۆ یارمەتیدان بە پەرەی "ویستی باڵاتری زانست" بۆ بەردەنگێکی بەرفراوانتر ڕاگەیاند. Freiherr K. S, von Altenstein، کەسێک وا چاودێری «هەڵبژاردنی هێگڵ بۆ زانکۆی بەرلین» بوو؛ هەڵگرتنی ئەرکێکی هاوشێوەی لەلایەن هێگڵ دەدی. (بڕوانە Altenstein in Hegel 1984b: pp.457, 459, 467). هەروەها ڕاشکاوانە هێگڵ لە PWE ستایشی گەنجانی ئەڵمان دەکات کە "ڕۆحی کۆیی و گشتی"ـی خۆیانیان لە شەڕی ڕزگاریدا پێشان داوە. (Hegel 1964: pp. 259-65).
بیری "سەربەخۆیی" کە گەنجانی ئەڵمان لە شەڕی 1813-15 یارمەتی ئەڵمانی پێ دەدەن، هێگڵ لە PWE ناوی «بەشداری لە ژیانی سیاسی دەوڵەت»ـی لێ دەنێت. هێگڵ هاوکات باسی ئەوە دەکات "سیستەمێکی" سیاسیی عەقڵانی، پێویستی بە بەشداری هاووڵاتییانە، بەڵام زۆر وردبینانە دەیهەوێ ڕوانینی "عەقڵانی"ـی خۆی لە ڕوانینی ئەتۆمیستیک کە ئیدعای ئەوەی هەیە «ڕەفتاری سیاسی لە فڕانسا ئیدارە دەکات» جیا بکاتەوە.

4 ئاماژە بە بارودۆخی خەمباری فەلسەفە لە ئەورووپا و بە تایبەت ئەڵمانە. هێگل پێش گەیشتن بە بەرلین بەردەوام باسی ناوبانگی «فەلسەفەی بێمایەی فرایس» وەکوو بەڵگەی «دۆخی شڵەژاوی فەلسەفە لە ئەڵمان» دەکات.

5 هێگڵ لەم ڕستەدا ئاماژە بەو ڕووداوە گۆڕانسازانەی ئەو شەڕانە دەکات وا دۆخی ئەورووپای لە 1789 ـەوە ئاڵۆز کردووە. ئەمە گرنگە سەرنج بدرێ کە باسکردنی هێگڵ سەبارەت بە "ژیانی ناوخۆیی ڕۆح" مانای ڕووخسار و شکڵێک نییە، بەڵکوو ئەوجۆرەی ئەرنولد ڕووگە (1802-80) لە سەرەتای 1840 ئاماژە بە «کشانەوەی سەرەتایی پروتستانیزم لە ژیانی سیاسی بەرەو ماندارینیزم دەکات» دەبێ فام بکرێت. (Ruge 1983: pp. 218 and 222ff) هێگڵ پێشنیاری "وەرچەرخـان" بۆ نـاوخۆ دەکات بە شێوەیەک کە دەنـگدانەوەی پێگەیشتوو (واتە ئـازادی) سەبارەت بە چۆنیەتیی گێشتنەوەی واقعیەت بە عەقڵانیەت (واتە تێڕوانین و بیرکردنەوە) و دەسـتپێکردنیان بێت. "تێڕوانین" هەر ئەو جۆرەی کە [ڕووگە] بە هەڵە بـاسی دەکات، «جێگرەوەیەک بۆ کردەی سیاسی لە لای هێگڵ» نییە (1983: p.223). بەڵکوو تـا ڕادەیەک، تێڕوانین خاڵی ترازانە بۆ داکوتاندنی عەقڵانیەت لە نێو ڕەوتی سیاسی. دەستەوشەیەک وا هێگڵ لە HIA بەکاری دەبات زۆرتر گونجاوە: ڕۆح بەرەو ناوخۆ وەردەچەرخێ بۆ ئەوەی کە پێش جووڵاندنی دووبارە بەرەو دەرەوە، "خۆی کۆکاتەوە".

6 مەبەستی هێگڵ لێرەدا ئەوەیە جیاوازیی "تێڕوانین و ئەندێشە" لەگەڵ هەست ڕابگرێت. بۆ سالانێک، ئەمە هەڵوێستی ئەو بوو و هەمووکات لە فەلسەفەدا هەستی بە سابجێکتیڤیزم گرێ دەدا. لێرەدا (بۆ نموونە فرایس) و لە ئایینیشدا بە شلایرماخر.

7 ئەو دەوڵەتەی باسی لێ دەکرێ، ئاشکرایە کە پروسە. هێگڵ ئاماژە بە باڵادەستیی ڕۆحانی دەکات، کە پێزانین بۆ بەرپرسیاریەتیی پروس سەبارەت بە گەشەپێدانی خوێندنی باڵا لە ڕێگەی سیستەمە زانکۆییەکاندایە. لە ڕستەی دوواییندا ئەوەی کە پروس زانکۆی بەرلین لە 1809 بنیات دەنێت، بیرەوەرییەکی ڕوونە لە لای هێگڵ. ئـاڵتنشتین لەم هەوڵەدا ڕۆڵی هەبـوو، وە لەم زەمەنەدا بەردەوام پـلانی ئەو دیاریکردنی هێگڵ بۆ پێشەنگایەتی بزووتنەوەیەک بوو کە ئەرکی گەشەی زانستەکان لە نێو زانکۆیە نوێیەکەدا لە ئەستۆگرتبوو. ئەمە بۆ پادشای پروس پرۆژەیەکی گونجاو بوو، چونکە لە سەرەتای 1806، دووای شکستی ناپێلۆن لە پروس لە ساڵی 1806 لە یەنا؛ پادشا باوەڕی وا بوو کە پروس دەبێ لە ڕێگەی هێزی ڕۆحانی ئەو شتەی کە لە ڕەهەندی هێزی فیزیکاڵ لە دەستی داوە، خۆی پێ سەقامگیر بکاتەوە. (بڕوانە GW, vol. xvIII, p. 411).

8 هێگڵ لە ڕێگەی داڕشتنی ڕۆح لە ئاستی بنیاتی فەلسەفە، دروستکردنی کەلتووری ڕۆحانی وەکوو ئامانجی فەلسەفەکەی کە بیلدونگە چـاو لێ دەکات. کەلـتووری ڕۆحـانی وەرگێڕانی Geist بۆ Sittlichkeit (یان کۆمەڵایەتی، Geist) ـــە. سەرچـاوەی دوواییـن لە پـاراگـرافی "پێـویـسـتی بە هەوڵـدانی خەڵک بۆ نـاوەڕۆکی جەوهەری"، شێـوازی هێـگڵە بۆ دەربڕیـنی ئەمەی کە تەنیـا Sittlichkeit ـەکە دەتـوانێـت "ستانداری عەقڵانیەتی سیاسی" لە ڕێگەی ڕۆحی سەردەم هاواهەنگ بکات.

9 لە بەشی دووەمی پاراگرافەکەدا "لووتبەرزی و پێویستی ڕوانینەکان" وەکوو کۆسپی بەردەم بەدیهاتنی ڕۆح لە فۆڕمی گونجاوی خۆیدا (واتە لە ڕەهەندی مێژوویی) پێناسە دەکات. لە هەر دوو نموونەکەدا بەبۆنەی نوقمبوونی ڕۆح لە نێو زەینییەتی خۆ-پێوەر، کۆسپەکان دەخولقێن. پاژێکی گەورەی PR پێناسەی ئەوە دەکات کە چۆن زەینییەتی خۆ-پێوەر خۆی لە ڕێگەی ئەنیستیتوسازی لە فۆڕمی کۆمەڵگای مەدەنی دەردەخات.

10 هێگڵ لێرەدا وەکوو پلاتۆ و سیسەرۆ بە ئایدیای "پێویستیی" [زەرووڕەت، need, necessity] یاری دەکات. پێویستیی قووڵ ڕۆحانی و بەکۆمەڵە، زیندەناسانە و تاکەکەسی نییە. لەبەر ئەم هۆکارەیە کە هێگڵ فەلسەفە وەکوو ئەرک و کوششی ڕاگواستنی بیرکردنەوە بەرەو بەجێهێنانی پێویستییەکانی ڕۆح، دادەمەزرێنێت. بەڵام ئەم پێویستییانە نـاتـوانێت لە ڕێگەی دوو فۆڕمی زاڵی سـابجێکتیڤیتە لە سەردەمی مۆدێڕنـدا واتە "هەسـت" یان "چێژ" بەدی بێن. دیسانەوە لێرەدا هێڵی سەرەکی تیۆری کۆمەڵگای مەدەنی هێگڵ بەرچاوە.

11 لێرەدا هێگڵ جەخـــت لەسەر پەیامی کەلـــتووری فەلـــسەفە لە ئەڵمان دەکات. لە دەیەی 1790 ئەم ئەرکە لە لایەن بیرمەنـــدانی جۆراوجۆری ئەڵمانی لە ئـاســتی گەردوونیدا بـاس کرابـوو. (بڕوانە Meinecke 1970: pp. 42-7 and 55-6). وەک پێشتر بینیمان، هێگڵ تــاقەتێکی کەمی لە نێو GC بۆ بیرکردنەوەی گەردوونی [cosmopolitan] پێشان دابـوو. بەڵام لە نــووســراووەکانی دووای 1813، ڕوونە ئەو وەها بیری دەکردەوە کە بارودۆخی ئەوروپا لە دووای شکەستی ناپێلۆن بۆ ئەو شتەیکە خواست و هەروەها چاوەڕوانی ئەڵمانییەکان بوو ئامادە بوووە: واتە وەرگەڕانێک؛ گۆڕانی ڕێبەڕایەتی ئەوروپا بەرەو ئەڵمان و لەم نموونەدا دوور بوونەوە لە فڕانسا (بڕوانە Voegelin 1971; Butler in Hegel 1984b: pp. 122, 300-2, 317, and 324). لە HIA، هێگڵ جەختی لەسەر زنجیرەیەک وەرگەڕان کردبـــوو کە لە ڕێگەی ئەووەوە "ئاگری پیرۆزی" تێڕوانینی ئایینی لە خەڵکێکی ئایینی بۆ خەڵکێکی دیکە دەگوازرێتەوە. لێرەدا ئەو بە تایبەت بە بەشداری جووەکان ئاماژە دەکات (ڕەنگە بۆ ڕەد کردنەوەی دژەجووخوازیی فرایس و شوێنکەوتووەکانی لە جڤاتی برایەتی [جڤاتێک وا خوێندکارانی زانکۆ بۆ بیری نەتەوەخوازی لە نەمسا، ئەڵمان و شیلی بنیاتیان نابوو]). هەرچەن هێگڵ بۆ ڕوونکردنەوەی گواستنەوەی ڕۆحی جیهان لە فڕانسای کاتۆلیک بۆ ئەڵمانی پـروتسـتان، خـوازیاری کەڵک وەرگـرتـن لە ئـایدیای وەرگەڕان [translatio] بـوو. لەم کاتەوە زاتەن پـروس و پـروتێستانیزم لە نێو بیرکردنەوەی ئەو و لە ڕێگەی وەرگەڕانی "ڕۆحی جیهان" لە فڕانسا بەرەو ئەڵمان، پەیوەندی خوارد.

12 هێگڵ دەیهەوێ سەرنـــج بەرەو ئینتمای ســـابجێکتیڤیستی لە نێو فەلـــسەفە ڕابکێشێت کە بە تـــایبەت لە لای کەسێک سەر بە فەلـسەفەی کانــت وەک فــرایس پەرەی پێ درابـوو. هێگڵ لە سەرەتــای (1802) FK فەلـسەفەی ڕەخــنەیی لەبەر ســابجێکتیڤیزمەکەی مەحکووم کردبوو.

13 ئەم ڕستە ڕەنگە تووڕەیی دوو قارەمانی بیرکردنەوەی مێژوویی واتە شلایرماخر و ساڤگنی بزواندبێت. بەڵگە هەیە سەبارەت بەوەیکە ئاڵنشتین بە کەڵک وەرگرتن لە هێگڵ دەیهەویست ڕووبەڕووی جۆری بیرکردنەوەی ئەو دو بیرمەندە لە زانکۆدا بوەستێت. (بڕوانە بۆ نموونە، Toews 1980: p.60).

14 هێگڵ بە درێژایی دەیەی 1820 سەبـــارەت بە جیاوازیی نێوان هەســـت و نـــاسین لێدوانی پێشکەش کرد. بە بۆنەی فەلـــسەفەی سابجێکتیڤیستی [زەینییەتخوازانەی] فرایس، هێگڵ لێرەدا ئاماژە بەوە دەکات کە فرایس بە تەواوی ناسین لە نێو هەستدا دادەڕووخێنێت. هێگڵ ویستی جیاکردنەوەی ئەم دوانەی هەیە بە بێ ئەوەیکە چەمکی ناسینی خۆی لە ڕادەبەدەر عەقڵانی بنەخشێنێت.

15 سێ ڕستەی کۆتایی، باسی هەڵسەنگاندنی پێشەوەچوونی ئاگایی مرۆڤ لە سۆنگەی «جووڵەی عەقڵ لە پێویستییەوە بەرەو ئازادی» دەکات. هەر ئەو جۆرەی ئـاگـایی پێشدەکەوێ، چەقی سەرنجی خۆی دەگـوازێتەوە بەرەو شـتی ڕۆحـانی (بۆ نـموونە ئەخـلاقی و ئیلاهی). لە سەردەمی نیشتەجێبـوونی هێگڵ لە بەرلین، ئەو بەردەوام لە وانە و وتـارەکانـدا کاتێکی بەرچـاو بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم پێشکەوتـنە تەرخـان دەکات.

16 لە سەرەتای ئەم وتاردانەدا هێگڵ بۆ "هێزی ئەخلاقی ڕۆح" دەگەڕێتەوە. لەم وتـارە و لە شـوێنەکانی دیکەدا ئەو بە ڕاشکاویی جەخت لەسەر "هێزی ڕۆح" دەکات. لە درێژەی ساڵانی بەرلیندا، بنیاتـنانی ڕۆح لە نێو ژیانی ئەخـلاقی (Sittlichkeit) ئـامـانجی فەلسەفەکەی هێگڵە. ئەمە خواستی وەرچەرخانی ئەخلاقی بۆ دەرەوەیە؛ لە دووای ئەوەیکە ڕۆح "کۆکردنەوەی خۆی" لە ناوخۆ ئەنجام دابێت.